

## لانە رەئوف:

# کەسانی بەتوانامان هەیە و پێویستمان بە راهێنەر و یاریزانی بیانی نییە

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاریی فوتساڵ لە جیهاندا ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە، بەڵام لە کوردستان لە ئاستێکی مامناوەندایە، هیوادارم زیاتر بەرەوپێش بچێت و گرنگییەکی زیاتر بەم یارییە بدرێت، بەتایبەتی بۆ ئاستی کچان.

*** کەم ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- کەمیی پاڵەوانیەتی گرفتێکی گەورەیە بۆ هەموو یاریزان و یانەکان، چونکە دەبێتە هۆی ساردبوونەوەو هەوڵنەدان بۆ داهاتوو.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوستاڵی کچان لە یانەکان و شارەکانی کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە راهێنەرەکان گرنگییەکی زیاتر بە یاریزانان بدەن، هاوکات زیاتر کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتییەکان بۆ دەرکەوتنی کچانی بەهرەمەند زۆر گرنگە.

***گرفتی یارییەکانی فوتساڵ زیاتر لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- کەمیی خول و پاڵەوانیەتییەکان و نەبوونی یاریگا و کەلوپەلی پێویست بۆ یاریی فوتساڵ و کەمیی گرنگیدان لەلایەن راهێنەرانەوە، ئەوانە هەمووی گرفتن، جگە لە نەبوونی هۆڵی تایبەت بۆ ئەوەی مەشقەکان لە هەموو وەرزەکان بە رێکوپێکی ئەنجام بدرێت.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-وەك گرێبەست نەخێر، لەگەڵ هیچ یانەیەك گرێبەستم نەکردووە، بەڵام بۆ ماوەی دوو ساڵ لە فێرگەی پێشمەرگە یاریم کردووە، بۆ ماوەی ساڵێکیش یاریم بۆ یانەی ئافرۆدێت کردووە، ئێستاش لە هیچ یانەیەك نیم.

پارێزگای سلێمانی هەموو کات لە یارییە جۆراوجۆرەکان شوێنی پێگەیاندنی چەندین کچە یاریزانانی بەتوانا بووە، ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی خولەکانی فوتساڵی کچان، یانەکان گرنگیی زۆر بەم یارییە دەدەن بۆ ئەوەی ئەنجامی شایستە لە کێبڕکێ لەگەڵ شارەکانی دیکە بەدەست بهێنن. لانە ڕەئوف لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری سلێمانییە و یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکان، پێشتر بۆ هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و ئافرۆدێت یاری کردووە، ئێستا قوتابی پەیمانگای وەرزشیی سلێمانییە و بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

***لەگەڵ ئەوەدایت کە یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-بێگومان نەخێر، چونکە کەسانێکی زۆر ئەکادیمی و بەتوانا و لێهاتوو وەکو ڕاهێنەر و یاریزان لە وڵاتی خۆماندا هەن، کە لە بواری وەرزشیدا سەرکەوتوون و دەتوانن کاری زۆر باش بکەن.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-بە ئاگابوون لە هەموو کەموکورتیی یانەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان و دابینکردنی ئاسایش لە کاتی ئەنجامدانی یارییەکاندا.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت و خەونی وەرزشیت چییە؟**

-پاش تەواوکردنی خوێندن هەوڵدەدەم زۆربەی کارەکانم لە بواری وەرزش بێت، بەتایبەت بەرەوپێشبردنی یاریی فوتساڵ، هەمیشە هەوڵدەدەم بێ هیوا نەبم و لە بەدیهێنانی ئامانجە وەرزشییەکانم سەر بکەوم.

***بە چ یاریزانێکی جیهان سەرسامیت؟**

- حەزدەکەم بگەمە ئاستی یاریزانی بەرازیلی (Senrginhoya)

*** دواوتەت چییە لەم دیمانەیەدا بیڵێیت؟**

-سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان و زیاتر هاندانمان گرنگیدانتان بە تواناکانی کچان، سوپاسی خێزانەکەم و ئەو هەموو مامۆستا و ڕاهێنەرانەش دەکەم کە بۆ بەردەوامبوونم لە وەرزش پێشتگیرییەکی زۆریان کردووم.



# پەروەردەی رۆژئاوای دهۆک بووە پاڵەوانی باسکەی هەرێم

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چالاکیی وەرزشی و هونەر، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی باسکە لە ناوەندەکانی خوێندن و خزمەتکردن بە رەوتی وەرزشی قوتابیان و بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزش لە شارەکانی کوردستان، لە شاری هەولێری پایتەخت بۆ ماوەی شەش رۆژ بە بەشداریی ژمارەیەك لە تیپی پەروەردەکانی سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پاڵەوانێتی باسکەی قوتابخانە ئامادەییەکانی بۆ سەر ئاستی پەروەردە گشتییەکان ئەنجام دا، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لەنێوان تیپە بەشداربووەکانی خولەکە، سەرئەنجام هەردوو تیپی پەروەردەی دەوروبەری هەولێر و رۆژئاوای دهۆك، گەیشتنە یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە، بە ئامادەبوونی مامۆستا (بەکر کەریم) بەڕێوەبەری گشتیی چالاکیی وەرزشی و هونەر و، ژمارەیەك لە بەرپرسانی پەروەردەیی، لە هۆڵی یانەی وەرزشیی (ئەکاد) لە ناحییەی عەنکاوە هەردوو تیپی پەروەردەی دەوروبەری هەولێر و رۆژئاوای دهۆك لە یارییەکی بەهێزو ئاست بەرزدا رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، یاریزانانی هەردوو تیپ بە درێژایی ماوەی یارییەکەی توانییان لە ئاستێکی یەکجار بەرزدا، سەرنجی ئامادەبووانی یارییەکە بۆ خۆیان رابکێشن، لە کۆتاییشدا کوڕانی پەروەردەی رۆژئاوای دهۆك بە زەحمەت توانییان یارییەکە بە ئەنجامی (٥٥-٥٢)خاڵ ببەنەوە و، ببنە پاڵەوانی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم و نازناوەکەیان لە پایتەختی کوردستانەوە بۆ شاری دهۆك بردەوە، هەریەك لە پەروەردەکانی دەوروبەری هەولێر و ناوەندی هەولێر، لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەرێم پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا، لە کۆتاییشدا لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەییەوە خەڵات و دیاری بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکاندا دابەش کرا، جێگای ئاماژەپێکردنە ئەمساڵ لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەرێم، ئەمە یەکەم چالاکییە کە لە ساڵی تازەدا بەڕێوە بچێت، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چالاکیی وەرزشی و هونەر لە بەرنامەیدا هەیە، کە لە داهاتوودا بۆ هەردوو ئاستی کوڕان و کچان پاڵەوانێتی دیکەش ئەنجام بدات.

# سۆلین ئەسعەد ئەم وەرزە یاری بۆ سێمێل دەکات



وابڕیارە لە رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان دەست پێ بکات، یانەکانی کوردستانیش کەوتوونەتە خۆیان بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانانی ئاست بەرز، بۆ ئەوەی بتوانن لەم وەرزەدا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری بکەن، سۆلێن ئەسعەد یاریزانی پێشووی یانەی ئافرەتانی هەولێر بۆ وەرزی نوێی خولی فوتساڵی کوردستان، یاری بۆ یانەکەیەکی شاری دهۆك دەکات، لە بارەی چوونی بۆ شاری دهۆکیش سۆلین ئەسعەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی سێمێلی شاری دهۆك کردووە، بۆ یاریکردن لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و نازناوی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بەرز بکەینەوە.» گوتیشی: «جگە لە یانەی سێمێل یانەکانی دەروازە و چۆمان و چەند یانەیەکی دیکەش داوایان لێکردم یارییان بۆ بکەم، بەڵام بۆ من کە دانیشتووی شاری ئاکرێم، شاری دهۆك باشتر بوو، گرێبەستەکەشم بە شێوەی مووچەیە بۆ ئەم پاڵەوانێتییە، هەموو هەوڵێکی خۆیشم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی ئەوپەڕی توانای خۆم لەگەڵ ئەو تیپە بەهێزە پێشان بدەم».

# ئارام ساڵح بەشداریی پاڵەوانێتییەکی زۆرانبازیی جیهانی دەکات

لە درێژەی پاڵەوانێتییەکانی جیهانی لە یاریی زۆرانبازی سەربەست، وا بڕیارە لە ٢٨ی مانگی شەشی ئەمساڵ لە وڵاتی ئوردەن بەڕێوە بچێت، پاڵەوانی کورد (ئارام ساڵح) کە پاڵەوانی یاریی زۆرانبازییە و چەندین سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کردووە، بڕیاری داوە لەو پاڵەوانێتییە جیهانییە بەشداری بکات، چەندین یاریزانی بە تواناش لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانی لەم پاڵەوانێتییە بەشداری دەکەن، پاڵەوانێتییە کە بە ناوی ئەنتەرناشیونال ریستل (KWF) ئەنجام دەدرێت، لە بارەی بەشداریکردنی لەم پاڵەوانێتییەش ئارام ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم پاڵەوانێتییە ماوەی شەش ساڵە بەڕێوەدچێت و نێودەوڵەتییە، ئەمساڵیش ئەکادیمیای هیشام بەڕێوەی دەبات، لەم پاڵەوانێتییە ١٥ زۆرانبازی بەهێزی جیهانی بەشدار دەبن، منیش وەکو یاریزانێکی کورد لەسەر ئەرکی خۆم بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و ناوی کوردستان بەشداری دەکەم و رووبەڕووی زۆرانبازی وڵاتی ماڵتا بە ناوی ڤالیتا دەبمەوە، کە یەکێکە لە یاریزانە بەناوبانگەکان لەسەر ئاستی وڵاتی ماڵتا، ئەم یارییەش لەسەر پشتێنی پاڵەوانێتییەکە دەبێت، بۆ من رووبەڕووبوونەوەیەکی قورس دەبێت، یاریزانانی بەشداربووش لە هەریەك لە وڵاتانی هەنگاریا و ئیتالیا و مالتا و فەرەنسا و رووسیا و ئۆکرانیا و کوێت و لوبنان و عێراق و ئوردەن و میسر بەشداری دەکەن، منیش تاکە یاریزانی کوردم بە ناوی کوردستان بەشداری دەکەم، ئەرکی من لەم پاڵەوانێتییە زۆر ئاسان نییە، بەڵام کاتم لە پێشە بۆ ئەوەی بتوانم ئامادەکارییەکی زۆر باش بکەم». گوتیشی: «لێرەوە دەمەوێ پشتگیریم بکرێ و پێویستم بە سپۆنسەرە بۆ ئەوەی باری داراییم سووك بێت، کۆی بەشداریکردنیشم پێویستی بە (١٥٠٠) دۆلار هەیە، بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنم و ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە».





# چۆنیەتی مردنی سالا ئاشکرا بوو

دەستەڵاتدارانی بەریتانیا، ئەنجامەکانی توێکاری تەرمی ئیمیلیانۆ سالای یاریزانی ئەرژەنتینیان راگەیاند و نهێنییەکی نوێ لەبارەی ئەو رووداوەوە ئاشکراکرا.
سالا کە لە کاتی رۆیشتنی لە فەرەنساوە بۆ ویڵز بۆ پەیوەندیکردن بە ریزەکانی یانەی کاردیف سیتییەوە، فڕۆکەکەی کەوتەخوارەوە و ماوەی چەندین رۆژ تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، تیمێکی پزیشکی تایبەت توێکاری بۆ تەرمە دۆزراوەکەی کرد و گەیشتە ئەنجامێکی سەیر.
بەپێی ئەنجامەکانی توێکارییەکە، سالا کە فڕۆکەکەی کەوتە نێو دەریای مانش و تەرمەکەش لە ژێر ئاوەوە دەرهێنرا، بە خنکان نەمردووە، بەڵکو بەر لەوەی فڕۆکەکە بکەوێتە نێو دەریاوە، سالا لە سەر و سینیگی تووشی برینێکی سەخت بووەو بەر لەوەی بچێتە نێو ئاوەوە مردووە.
ئیمیلیانۆ سالا، تەمەن ٢٨ ساڵان، بە پێی گرێبەستێك لە یانەی نانتی فەرەنسییەوە چووە ریزەکانی یانەی کاردیف ستی وێڵزی، کە لە خولی ئینگلیزی یاری دەکات. بەڵام لە رێگەی رۆیشتن بۆ پەیوەندیکردن بە یانە نوێیەکەیەوە، فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە و سالا گیانی لەدەستدا و فڕۆکەوانەکە چارەنووسی دیار نییە.





## مارسێلۆ بۆمبە گەورەکەی تەقاندووە

مارسێلۆ لە دیمانەیەکدا ئاشکرای دەکات کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ ماوەیەکی زۆربوو بڕیاری دا بوو پەیوەندی بە یوڤانتۆس بکات.
مارسێلۆ یاریزانی بەرازیلی یانەی ریاڵ مەدرید لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی ئیتاڵیا (تاتیانا مانتۆڤان) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کریستیانۆ پێش ئەوەی ببنە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای وەرزی رابردوو بڕیاری دا بوو پەیوەندی بە ریزەکانی یوڤانتۆس بکات.
مارسێلۆ دەشڵێت: کریستیانۆ پێش یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ٢٠١٨ بەرامبەر لیڤەرپوول، لە کاتی راهێنانەکان پێی راگەیاندم کە پەیوەندی بە یوڤێنتۆس دەکات.
کریستیانۆی تەمەن ٣٤ ساڵ، دوای ئەوەی ٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای لەگەڵ ریاڵە مەدرید بردەوە و ٤٥٠ گۆڵ و ١٣١ ئاسیستی کرد، لە هاوینی رابردوو هاندەرانی ریاڵ- مەدریدی شۆك کرد کاتێك بە گرێبەستێکی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یوڤێنتۆس.



# مارسیال باسی مۆرینهۆ دەکات

ئانتۆنی مارسیال یاریزانی یانەی مانچێستەر یونایتد لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا جیاوازیی نێوان سۆڵشایەر و خۆزێ مۆرینهۆ دەکات.

ئانتۆنی مارسیال یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنساو و یانەی مانچێستەر یونایتد لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا گوتی: هەمیشە مۆرینهۆ داوای لە ئێمە دەکرد بەرگری توند بکەین، بەڵام بەپێچەوانەوە سۆڵشایەر بەردەوام داوامان لێ دەکات فشار لەسەر گۆڵی تیپی بەرامبەر دروست بکەین و زیاتر بیری لای هێڵی پێشەوەیە نەك بەرگری.

مارسیال گوتیشی: سۆڵشایەر لە ڕووی شێوازی گونجاندن لەگەڵ یاریزانەکان زۆر نایابە و هەموو پلانەکانی بە پێکەنین و خۆشی جێبەجێ دەکات و هەمووان دڵخۆشن لەگەڵ ئەو ڕاهێنەرە.



# ریال چاوی لە ئەستێرەیەکی یۆڤانتۆسە

سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی بەریتانیا ئاشکرای کرد، کە یانەی ریال مەدرید دەیەوێت بە ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ پاولۆ دیبالا بباتە ڕیزەکانی. بەرپرسانی یانەی خانمە پیرەکەش ڕەزامەندی فرۆشتنیان پیشانداوە، بەهۆی ئەوەی ئاستی ئەو یاریزانە بەرەو دابەزین ڕۆیشتووە.

ماڵپەری دەیلی مەیلی بەریتانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پاولۆ دیبالا ئامادە نییە لەسەر کورسی یەدەگی یوڤانتۆس دابنیشێت، بۆیە پێشوازی لە گرێبەستەکەی ریاڵ مەدرید دەکات و لە گواستنەوەی هاوینەی داهاتوو لە یانەی یوڤی دەڕوات.

پاولۆ دیبالای تەمەن ٢٥ساڵ لە هاوینی ٢٠١٥ لە یانەی پالێرمۆ بە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە یوڤێنتۆس، ئەم وەرزە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بەشداری لە ٢٨ یاری کردووە، تەنیا ٧ گۆڵ و ٦ ئەسیستی تۆمار کردووە.